www.kurdistannet.org

**راگەیاندراوی ژمارە ١**

# بە هانامانەوە وەرن!
# لە روودانەوەی کارەساتی ئینسانی بەرگری بکەن!

هاونیشتمانە بەرێزەکان !
ئازادیخوازان و لایەنگرانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ !
کۆڕ و کۆمەڵە بەشەر دوستەکان و رۆژنامە نووسان و هەوالنێرانی سەربەخۆ و راگەیەنە گشتی‌یەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ !

**رۆژی شەممە ١ی نوامبری ٢٠٠٣ پولیسی ترکیە ٥٤ کەس لە پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی لە شاری "وان"ی تورکیە دەسگیر و زیندانی کردووە، ئەو پەناخوازە گیراوانە (کە حەوت کەسیان ژنە)، رۆژی ٣ نوامبر لە والی شاری "وان" دادگایی و موحاکمە کران. تا ئەمرۆ هەینی ٧ی نوامبر هیچ کام لەو گیراوانە ئازاد نەکراون و هەروا لە هەل ومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار دان. بە ووتەی کەس و کاری ئەو ٥٤ گیراوە کە چەند رۆژ تەنیا جارێك دەتوانن لە پشتی میلەکانی بەندیخانەوە بیانبینن، بیٚ لە بەر چاو گرتنی وەزعی زۆر ناخۆشی زیندان و رۆژانە یەك نان و باری زۆر خراپی پاك و خاوێنی و ... هتدیان، پولیس هەرەشەی تەحویل دانەوە بە ریژیمی ئێرانی لیٚ کردوون. کە ئەوەش دەتوانیٚ بە مانای رووداني کارەساتێکی ئینسانی بیٚ. ئیعدام کرانی "کەریم توژەلی و خالید شەوقی" کە پاش تەحویل درانەوە بە ریژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی رابردوودا رووی دا، راستی ئەم ئیعدایە دەر دەخات.**

**لە هەل و مەرجێکی ئەستەمی ئەوتۆ دا، بە داخەوە بەرپرسانی UNHCRی لقی "وان"ی تورکیە بۆ ئازاد کرانی گیراوەکان و پیٚ راگەیشتن بە داخوازی سەدان پەناخوازی سیاسی کورد کردەوەیەکی کارساز و پڕ بایەخی بە ئەنجام نەگەیاندووە.**

**سەدان پەناخوازی سیاسی کوردی ئێرانی لە "وان" کە لە ساڵانی رابردوو دا لە نیو ریزەکانی حیزب و رێکخراوە کوردییەکانی ئوپوزیسیونی ئێران دا تێکۆشانیان هەبووە، پاش زیاتر لە دوو ساڵ دەست بە سەری و بیٚ دەرەتانی و پیٚ رانەگەیشتن بە داخوازیەکانیان، لە بیر کراون. ئەو بیٚ‌پەنا سیاسی‌یانە پێویستیان بە پشیتوانیی حیزب و رێکخراوە چەپ و دێموکرات و پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەرەکان، کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ، هەوالنێران و رۆژنامە نووسانی ئازاد بیر و سەربەخۆ و راگەیەنە گشتی‌یەکانی لایەنگری مافی ئینسانەکانی هەیە.**

**وەك ئەرکێکی مرۆڤ دوستانە و نیشتیمانی بەهانامانەوە وەرن و لە هەر رێگایەکەوە بۆتان دەکریٚ، فشار بخەنە سەر نوسینگەکانی UN لقی "وان" و ئانکارا و کومیساریای بەرزی پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنیڤ و نوسینگەکانی ئەمنێستی ئەنتێرناشنال، بۆ ئەوە لە کارەساتێکی ئینسانی کە لە بەرەبەری رووودان دایە، بەرگری بکەن. وڵامی داوا و داخوازی بە پەلەی سەدان لە بیرکراوی سیاسی و بیٚ پەنای کوردی ئێرانی لە "وان" بدەنەوە. ئەوان بە مەبەستی ئازاد کرانی ٥٤ بەندیی خۆیان کە لە زنجیرە کۆبوونەوەی ئارام و ئیعترازی‌یاندا لە بەرامبەر دەرگای UNی لقی "وان" دەسگیر کراون و لە رۆژی شەممە یەکی نوامبرەوە لە زینداندا بەسەر دەبەن و ئەگەری تەحویل درانەوەیان بە ریژیمی ئێران زۆرە، بە داخەوە پشتیوان و یارمەتی دەرێکیان جیا لە ئێوە نی‌یە !**

بە سوپاسێکی زۆرەوە
وتە بێژانی پەناخوازانی سیاسی کوردی ئێرانی ناسراو بە (باکووری عێراق)
وان ــ تورکیە

Fax UNHCR Ankara : 0090 312 441 21 73 - 0090 312 441 16 19
Fax UNHCR Van : 0090 432 21 48 404
Minister of the Interior Fax No.: 0090 312 418 1795